# بێنە پێشەوە ولێم نزیک ببنەوە، وبا ئەوانەی لە پاش ئێوە دێن؛ (لە پشتی:لە نزیکی) ڕیزی ئێوە بوەستن، بەردەوام کەسانێک دوا دەکەون هەتاوەکو خوای گەورەیش دوایان دەخات

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بینی هەندێک لە هاوەڵانی دوا دەکەون (لە وەستان لە ڕیزی یەکەمدا)؛ بۆیە فەرمووی: «بێنە پێشەوە ولێم نزیک ببنەوە، وبا ئەوانەی لە پاش ئێوە دێن؛ (لە پشتی:لە نزیکی) ڕیزی ئێوە بوەستن، بەردەوام کەسانێک دوا دەکەون هەتاوەکو خوای گەورەیش دوایان دەخات».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە فەزڵی نزیکبوونەوە لە ئیمام -پێشنوێژ- ڕووندەکاتەوە، وهەروەها ئەو ڕیزانەی لە پاشەوەن دەبێت شوێنی ئەو ڕیزانە بکەن لە پێشەوەیانن ونزیکی ئیمامن، هەروەها پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- هەڕەشەی کردووە لە ئەوانەی بەردەوام دوا دەکەون ولە ڕیزەکانی پشتەوەن بەوەی دوور دەبن لە ڕەحمەتی خوای گەورە وفەزڵ وبەخشینی وپلەبەرزەکان وزانستی شەرعی وبەو شێوەیە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11291

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee